## حكومەتی جەعفەری، یان حیكمەتی ئێران؟!.. مەریوان نەقشبەندی



لەو رۆژەوەی جەعفەری وەك بالآترین دەسەلآتی تەنفیزی دەسبەكاربووە، جگە لە سەردانی مەرجەعیەتە شیعەكان و خزمەتكردن و بەدیارخستنی قورسایی شیعە (وەكو مەزهەب) لەعێراقدا شتێكی ئەوتۆی نەكردوە، نائارامی ناوەراست و باشووری عێراق نەك هەر بەردەوامبوو بەڵكو زیاتر و خوێناویتربوو، مووچەی فەرمانبەران و سستمی مووچە وەرگرتن لەعێراقدا ئێجگار ئاڵۆزبوو، فەرمانبەران نیگەرانیان لە ناعەدالەتی و گەندەڵی دەردەبرن. شتێكیان بەناوی دەزگای (نەزاهە) دامەزراند كە جگە لەتۆمەتباركردن و ناوزراندن نەبێت هیچ كەس و بەرپرسێكیان نەداوەتە دادگا لەكاتێكدا گوێم لە بەرپرسێكی (جەماعەتی نەزاهە) بوو دەیگووت ئێمە دەزانین كە وەزیریكی كابینەكەی جەعفەری تەنها لەناوشاری بەغدا (100) خانووی كریوە بەلآم ناتوانین موحاسەبەی بكەین. لەم رۆژانەشدا هەواڵی دیارنەمانی یان دزینی نزیكەی دووملیار دۆلار لە دوو سی وەزارەتدا بلآوكرایەوە. جەعفەری هیچ خواستێكی بۆ خزمەتكردنی گەلانی عێراق و جێبەجێكردنی مادەی 58 ی یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەت پیشان نەدا و زیاتر بۆ پێ قایمكردنی خۆی و حزبەكەی بۆ هەڵبژاردنی ئایندە كاری كرد، تارادەیەكی باشیش توانی خۆی بگەیەنێتە ناو دامودەزگاكانی حكومەت و كەناڵەكانی راگەیاندنیش و ئێستا زۆر بە ئاسانی هەست دەكرێت كەناڵەكانی وەك (العراقیە) و (الدیار) و (الفیحا) ورادیۆی بەغدا و ژمارەیەكی زۆریش لە رۆژنامەو بلآوكراوەكان لەژێر كاریگەری و سۆزی جەعفەریدان و هیچ سانسۆرێك لەسەر بەئیسلامیكردنی كۆمەڵگا و ژیانی عێراقیەكان نیە و تەنانەت نیشانەكانی دەوڵەتی فەقیە بەدیاركەوتوە و لەم ماوەیەی كەئێستاش لەبەردەستتدایە چاوەڕێ دەكرێت حكومەتەكەی جەعفەری، حكومەتی (كاربەڕێكردن) ە و بەرپرسانی ئەم حكومەتەش زیاتر سەرقاڵی كۆكردنەوەی زۆرترین پارەوپول و خۆدەوڵەمەندكردنن و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیش هەرلەئێستاوە (پایدۆس) یان لێكردوە و بەشێوەیەكی گشتی لەبەغدا كەس بەكەس نیە. لەوانەیە خۆ مەشغولكردن بە كارەساتەكەی پردی نێوان كازمیە و ئەعزەمییە زیاتر بەمەبەستی پەیداكردنی سۆزی جەماوەری و كۆكردنەوەی ژمارەیەكی زیاتر دەنگدەرە بۆ هەڵبژاردنەكانی ئایندە، لەبەرئەوە زۆر ئاساییە دەبینین كەناڵە عەرەبیە عیراقیەكان، گرنگیەكی ئەوتۆیان نەدا بە كۆمەك و هاوكاریەكانی سەرۆكایەتی و حكومەتی كوردستان كە بۆ قوربانیانی ئەو كارەساتەیان نارد. ئەوەی لەپێش چاوی منە هەنگاونانی بەئەسپاییە بەرەو دروستكردنی دەوڵەت و حكومەتێكی فەقیە لەعێراقدا، بەهاوكاری وهەماهەنگیەكی تەواو لەگەڵ ئێراندا، كە تیایدا عەرەب بە سوونە و شیعەیەوە بەشداری لە رووكەشە قەومیەكەیدا هاوكاری دەكەن، بەلآم لە مەسەلەی دەسەلآتی مەزهەبیدا بۆ هەتاهەتایە بەناكۆكی و بەربەرەكانی ناشەریفانە دەمێننەوە، كوردیش لە عێراقدا ئەگەر سوودمەندیش نەبێت ئەوا بەرەودواوە

ناگەڕێتەوە و ئەگەر سەركردایەتی سیاسی كورد بتوانێت كێشە و ململانی شەخسیەكانی ناو هەندێك لە ئەندامانی حزبەكان چارەسەر بكات و لەجیاتی ناونووسین و راپۆرت نووسین و پاشقول لەیەكگرتن، لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی كورد و سەقامگیری یەكجارەكی هەرێمی كوردستاندا كاربكەن و ئیدارەكانی كوردستان بەشێوەیەكی عەمەلی و علمی یەكبخەنەوە و هەمووڵایەك بە پرەنسیپەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و ئاڵوگۆری دەسەڵات لەكوردستاندا پەیرەو بكەن ئەوا من دڵنیام هەروەك سەرۆكی كوردستان بە رۆژنامەیەكی ئەمریكی گووت:گۆرانكاری گەورە و جەوهەری لەناوچەكەدا دەبێت، و حەتمەن كورد سوودمەندی یەكەم دەبێت. .

*تێبینی: وێنەیەكی دەگمەنی د. ئیبراهیم جەعفەری و نووسەری ئەم بابەتەتان بۆ رەوانە دەكەم كەتیایدا ڕووی راستەقینەی كەسایەتی سەرەك وەزیرانی عێراقی تێدا دەردەكەوێت و وێنەكەش ساڵی2003 دوای روخانی سەدام بەچەند مانگێك، لەشاری مەككە لە عەرەبستانی سعودیە گیراوە.